**رۆتردام..... هونەر و کەلتووری جیهان لە خۆ دەگرێت**

# بە رۆتردامی هۆڵەندەدا گوزەر بکە و کەلتووری هەموو دونیا ببینە...!!





**ئاشتی گەرمیانی .. هۆڵەندا**

**زۆر جار باسی کەلتووری وڵاتانی جیهانمان کردووە و باسی وردەکارییەکانی ئەم تایبەتمەندییەمان کردووە لە رووی جۆراو جۆرەکانیانەوە واتە وولاتانی ئەوروپا لە دوای شەڕی جیهانی دووەمەوە گۆڕانکارییەکی گشتی بە خۆیەوە بینی لە هاتنی خەڵکی کیشوەرەکانی تر بۆ ئەم کیشوەرە و تیکەڵ بوون بە کۆمەڵگای ئەم کیشوەرە لە رووی هونەری و کەلتووری و ژیانداریی‌یەوە بەتایبەت پێویستییەکانی پاش ماوەی وێران کردن و بوژاندنەوەی وڵاتەکانیان هەربۆیە دوو وولات بە دیاردەی راستەوخۆ دەبینرێت ئەویش تورکیا و مەغریب زۆری کۆچ کردووەکان لەم رەگەزانەن .. هۆڵەنداش کەمتر نییە لەو بەشە شێرەی، کە ئەڵمانیا و فەرەنسا بە خۆیەوە گرتوویەتی بێجگە لە وڵاتەکانی تر .**
**لەناو وڵاتەکانیش کۆمەڵە شارێک هەیە بەتایبەت پایتەختەکان، گەورەترین ژمارەی کۆچکردوو و پەناهەندە و رەوەندی جیا جیای بە خۆیەوە گرتووە، لە هەموو دونیاوە خەڵک بپ ئەم شارە هاتووە، لە رەش و سپی و مۆر و سپی و چینی و یابانی و کورد و ئەفگانی و سومالی وکۆنگۆ و ئەمەریکی و کەنەدی و ئوستریالی ئەم**

هەموو خەڵکە جیاوازانە بە زمانێک گفتوو گۆ دەکەین ئەویش هۆڵەندییە پێکەوە پێ دەکەنیین ... ئەگەر بە شاری رۆتردامدا گوزەربکەیت ئەوا بێگومان تۆ هەست ناکەیت لە هۆڵەندای وە خەڵکانی جیاواز دەبینیت کەلتووری جیاواز دەبینی هەر بۆیە واش ناو براوە شاری میلتوو کلتوریڵ .. کە پڕە لە هەموو نەتەوەکان .. ئەمەش لەگەڕەکاندا رەنگی دەوەتەوە، لەهەر گەڕەکێکیش بێگومان سەنتەری کۆبونەوە و بەیەکگەیشتن هەیە و هۆڵی پێشکەشکردنی کارە هونەری و کەلتوورییەکان بۆ هەمووانە واتە مرۆڤ ئاواتەکانی خۆی بەکار دەهێنێت و گۆڕینەوە کەلتوور لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی و تێکەڵ بوون بە کەلتوور و هونەرەکانی گەلانی دیکە.
لە شاری رۆتردامدا زۆر لەم هۆڵ و دام و دەزگایانە دەبینت، کە کۆچبەرانی جیهانی کاری تیادا دەکەن و کەلتوورەکانی خۆی دەگۆڕێتەوە لەگەڵ هاوزمانەکانی تریدا، بە زمانێکی یەکگرتوو هۆڵەندی پەیوەندییەکانی خۆی جێ بەجێ دەکات . بۆ ئەم مەبەستەش ساڵانە چەندین چالاکی هونەری و کەلتووری و ڤیستڤاڵ پێش کەش دەکرێت و خەڵکانێکی زۆر ئامادەی دەبن.
رۆتردام .. لەبەر زۆری ئەو کۆچبەرانە کۆمەڵێک بریارِ و رێگە گرتنیان لە لایەن شارەوانیەوە بۆ دانراوە بۆ ئەوەی کارەکانیان بە ئاسانی جێ بەجێ بکرێت و توشی کاردانەوەی جیاواز نەبن، لە شارەوانی زۆربەی ئەوانی کار دەکەن هەر لە کۆچ کردوەکانن واتە هاوزمانی خۆتن، مافەکان بۆ پەناهەندەیەک لە رووی کەلتووری یەوە زیاترن و دابین کراوە.. بۆیە خەڵکانێکی زۆر لە شارەکانی ترەوە روو دەکەنە ئەم شارە بۆ ژیان و جێگاش زۆر زەحمەتە مرۆ دەستی بکەوێت. لە هۆڵەندەدا بە گشتی نیشتەجێ بوون، کارەساتە واتە زۆر بە ئاسانی جێگات دەست ناکەویت، هەر دەبێت لە رێگای کۆمپانیاوە خانووی نیشتەجێبوون جێ بەجێ بکرێت. پر بوون لەو گەلە جیا جیانە دەوڵەمەند کردنی شارەکەیە و گۆڕینی سیمای ئەو شارەیە، کە لە پێش شەری جیهانی دووەم زۆرینە هۆڵەندی بوون.
ئەگەر مرۆڤ لەم وڵاتانەدا لە گوندیکێ بچوکەوە هاتبێتە شاری رۆتردام، کە شارێکی چرو پیرو پڕ دانیشتوانە وە بێدەنگ نی یە لە هاتوو چۆ و رووداو و نمایش کردن و سەرقاڵی مرۆڤ و شارێکی گەشت و گوزارە بەتایبەت وەکو باسمان کرد لەرووی گۆڕینەوەی کەلتوور و هونەرەوە و لەرووی سپۆرت(وەرزش) و پەیوەندییە بازرگانییەکان و رامیارییەکان بەتایبەت کەناری بازرگانی ئاو، کە رۆژانە چەندین کەشتی بار هەڵگر پێیدا گوزەر دەکات.
بۆیە لەم خاڵەوە کۆچبەرانی کوردیش کەمتر نین لە رەوەند و کۆچ بەرەکانی تر و رۆڵی تایبەتی خۆیان هەیە لەم شارەدا و بەشدارن لە پێشکەشکردنی چالاکی هونەری و کەلتووری پڕ و چڕن مناڵەکانیشیان لەم شارەدا گەورەبوون و خوی ئەم شارەش وەردەگرن و تیایدا گەورە دەبن و ژیانی داهاتوویانیان تیادا بەسەردەبەن.
بۆیە بە رۆتردامدا گووزەر بکە و کەلتووی هەموو جیهان بە چاوی خۆت ببینە.